ئەمڕۆ .. بە چوار ڕوو بەڕوو بوونەوە گەڕی ٢٢ی خولی ئەستێرەکانی عێراق دەستپێدەکات

ئەمڕۆ پێنجشەممە، کێبڕکێکانی گەڕی ٢٢ی خولی ئەستێرەکانی عێراق بۆ تۆپی پێ بە ئەنجامدانی چوار یاریی چاوەڕوانکراو دەست پێ دەکەن.

کاتژمێر ٩ی شەو، یاریگای زەورا میوانداری ڕوو بەڕوو بوونەوەی نێوان کارەبا و تەلەبە دەکات، لە هەمان کاتیشدا یانەی ئەمانەی بەغدا و نەورۆز لەسەر یاریگای کاپتن شەڕار حەیدر بەیەک دەگەن.

لە کاتژمێر ١١:١٥ی شەویشدا، یانەی گەرمە لەسەر یاریگای ڕومادێ میوانداری یانەی غەراف دەکات، هاوکات یانەی شورتەی هەڵگری نازناو دەبێتە میوانێکی قورس بەسەر یانەی مووسڵەوە لە یارییەکدا کە لەسەر یاریگای دهۆک بەڕێوەدەچێت، ئەمەش وەک کۆتاییهاتنی یارییەکانی ڕۆژی یەکەمی ئەم گەڕە